# خوێندنەوەی روخسار،
# رێگەیەک بۆ ناسینی کەسایەتی بەرامبەر

مافپەروەر/ ئیبراهیم بەهائەدین








رێبازی جۆراوجۆر هەیە لە بواری زانستی ناسینەوەی کەسایەتی تاکەکان، هەندێکیان پشت دەبەستن بە ئەزموونی تایبەتی درێژ خایەن. هەندێکی تریان لە رێگەی توێژینەوەی مەیدانی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان کاری لەسەر دەکەن. ئەم زانستە لە کۆنەوە هەبووە و سوودی لێ وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی وەچەکان وچەسپاندنی کوڕ و باوکایەتی ئەگەرچی زیاتر ئاکاری جەستەیی تێیدا لەبەر چاو دەگیرا، هەروەکو لای عەرەبەکان ناسرابوو بە (علم الفراسه).

هەرچەندە ئەو زانستەش جێگیر نییە هەروەکوو بەشەکانی تری زانست کە پەیوەستن بە دەروونناسی بەڵام لە زۆر بوار دا دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی بەرامبەر، یەکێک لەو بوارانە کاری لێکۆڵەرە دادییەکانە لەکاتی وەرگرتنی وتەکان کە دەبێتە هۆیەک بۆ ئاسانکردنی چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر و تێگەیشتنی کەسایەتییەکە لە رێگەی خوێندنەوەی روخساری کەسەکە.

کاتێک سەیری روخساری مرۆڤ دەکەین، هەروەکو لاپەرەیەکی پڕکراوەیە بە رستەو وشەی جۆراوجۆر، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم وشانە دەقاودەق راڤە بکەین لەوانەیە بەهەڵەدا بچین چونکە هەر وشەیەک لەوانەیە زیاتر لە مانایەکی هەبێت، بەڵام کاتێک وشەکان لە ناو رستەداو بەیەکەوە لێک بدەینەوە ئەوکاتە مانای تەواومان پێ دەبەخشێت. بەڵام پێویستە بزانین کە ئەوە تەنها ئاماژەیەکمان پێ دەبەخشێت سەبارەت بە کەسایەتیی یەکە، لەبەر ئەوە هەرگیز نابێت بریارێکی بنبڕ بەسەر ئەو کەسەدا بدەین، بۆ نموونە مەرج نییە هەر کەسێک گوێچکەکانی بچووک بێت مانای ئەوە بگەیەنێت کە ئەو کەسە ژمێرکارێکی کارامەیە.

مەبەستمان لێرە ئەوەیە نابێت ئەم نیشانانە بەشێوەیەکی گشتگیر بەسەر تاکەکاندا لێکبدەینەوە . بەڵکو لەکەسێکەوە بۆ کەسێی تر لەوانەیە بگۆڕێت.

بەگشتی روخساری مرۆڤ دابەشکراوە بۆ سێ بەشی سەرەکی، هەریەکێک لەم بەشانە زاڵ بێت بەسەر بەشەکانی تردا مانایەکی تایبەت دەبەخشێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- بەشی سەرەوە / Upper Zone لە برۆکانەوە دەست پێ دەکات تاکۆتایی سەر، ئەگەر هاتوو ئەم بەشە گەورەتربوو لەبەشەکانی تر ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتییە زیاتر بیر دەکاتەوە و بیرکردنەوە رۆڵێکی گرینگی هەیە لەبڕیارەکانی، کاریگەری سۆزداریشی لەسەری کەمترە .

٢- بەشی ناوەراست / Midlle Zone لە لێوی سەرەوە دەست پێدەکات تادەگاتە برۆکان، ئەگەر ئەو بەشە زاڵ بوو بەسەر بەشەکانی تردا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە زیاتر لە ژێر کایگەری سۆزداری دایەو بیرکردنەوە لە لای ئەو دوای هەست کردن دێت.

٣- بەشی خوارەوە / Lower Zone لەسەرەتای چەناگە دەست پێ دەکات تاکۆتایی لێوی سەرەوە، گەورەیی ئەم بەشە، خاوەنەکەی کەسێکە ژیان لە روانگە ماددییەکانەوە دەبینێت، ئەو کەسانە زیاتر روو لە چالاکییەکانی تایبەت بە جەستە دەکەن و ئارەزوویان لە جووڵانەوە و وەرزشە بە شێوەیەکی بەرچاو. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو کەسەی سیفەتەکانی بەشێک بەسەریدا زاڵە مانای ئەوە نییە سیفەتی بەشەکانی تری تێدا بەدی ناکرێت! بەڵکو بەگوێرەی گەورەیی بەشەکە بەشێوەیەکی رێژەیی سیفەتەکان دەردەکەون.

ئەو کەسەی بەشەکانی روخساریشی بە یەکسانی دەبینرێن، ئەوە لەسیفەتی هەموو بەشەکانی بەیەکسانی تێدا بەدی دەکرێت. جگە لەمانەش نیشانەی تر زۆرن بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی، بۆ نموونە شەویلاگی پتەو و پان و بەهێز لە هاوشێوەی (وینستۆن چەرچل) نیشانەی کەسایەتییەکی سەرکردەییە، هەروەکو چەناگەی پان نیشانەی شەڕانگێزییە، ئەوانەشی چەناگەیان باریک بۆتەوە لەشێوەی پیتی (V) کەسانی لاسارن. ئەوانەی ئێسکی روومەتیان بەرزو قۆقزە کەسانی چاو نەترسن و حەزیان لە گۆڕانکارییە، سەبارەت بە چاوەکان ئەوانەی دووری نێوان هەردوو چاویان کەمە کەسانێکن بەخێرایی تووڕە دەبن، هەمیشە رەخنە دەگرن لەکەسانی تر، زۆرجاریش کاری مەزن ئەنجام ئەدەن. کەچی ئەوانەی چاویان لەیەک دوورترە توانای بەرگەگرتنیان زیاترە رووخۆش و هۆگرترن، بەلام زۆرجار بەهەڵە شتەکان لێک دەدەنەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی نائاساییش بەشێکی سەر بکەوێتە سەرووی چاوەکان و بەشێکی زۆر بچووکی روخسار بکەوێتە ژێر لووتەوە، خاوەنەکەی زیاتر بەلای چالاکی هۆشیدا دەچێت، لە نموونەی ئەو کەسایەتییانەش (ولیم شەکپیر).

سەبارەت بە هێڵەکانی سەر رووخسار : ئەو هێڵانەی کە لە نێوان برۆکاندا بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە دەکشێن، نیشانەی دڵەراوکێی بەردەوام دەدەن، ئەو هێڵانەی لە هەردوولای کۆتایی لووتەوە شۆڕ دەبنەوە بۆ گۆشەکانی دەم نیشانەی کارامەییە لە ئاخاوتندا.

لە کۆتاییدا پێویستە بزانین کە ئەو نیشانانەی باسکران و هەموو نیشانەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی روخسار پێویستە بە یەکەوە ببەسترێنەوە و وەکو یەکەیەکی لەیەک جیانەکراوە سەیر بکرێت (لە شێوەی سەیرکردنی تابلۆیەکی هونەری) ئینجا راڤە ئەکرێت وئەتوانرێت تارادەیەک لە کەسایەتی بەرامبەر تێبگەین، لە زۆر بواریشدا دەتوانرێت سوود لەم جۆرە زانستە وەربگیرێت بەمەرجێک زانیارییەکان لەسەر بنەمای زانستی بونیاد بکرێن و تەنیا لەسەرچاوەی زانستی تایبەتمەند وەربگیرێت.

**سەرچاوەکان:**

١.ئینتەرنێت.
٢.کتێبی (Face Language)-زمانی رووخسار.